کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-7-2007 0:20

**ئەم هەموو دەبەنگیە چیە؟ وەلامێک بۆ فس پالەوانەکەی دەرهێنەری ئاریا ... ڕێبین هەردی:**

لە تەوەراتدا و لە وەسفی بتدا هاتووە" چاوانێکیان هەیە بەڵام نابینن، گوێیان هەیە بەڵام نابیستن". بتەکان هەمیشە هەبوون و هەن چونکە هەمیشە کەسانێك هەن راستیان وەك کێوێك بخەرە بەردەم هێشتا توانای بینیان نیە و بە موکبەرەش هاواربکەیت، هێشتا هەر گوێیان لە هیچ نیە.. کەسانێك بریَاریاندا وە کوێر و کەڕ بن و ئەگەر شتەکانیش وەك ئەوە نەهاتەوە کە دەیڵێن، درۆ داتاشن و وەك راستی بە خەڵکی بفرۆشنەوە.

لەو کەسانەم هەرگیز حەزم لە موهاتەرات و شەڕە جنێو و موزایەدەی بێمانا نیە.. لەکوی فکر نەبوو قەڵەمی منیش لەوی نیە. هەرگیزیش بەلامەوە گرنگ نەیووە و نیە کۆمەڵی نەخوێندەوار و بازرگانی وشە و وێنە چی لەسەر من دەڵێن و چۆن وێنای من دەکەن. ئەوانە کە زەڕەیەك ویژدان و رێزگرتن لە پرنسیپە ئەخلاقیە نوسین لە مەزهەبیاندا نیە، هەرگیز بۆم گرنگ نەبوون چ دەڵێن و چ تۆمەتێکم بۆ دادەتاشن. من لەسەر دەستی ئەوانە هەموو حیزبەکانی بەرەی کوردستانیم کردووە.. رۆژێك شیوعی و کۆمنیست بووم و رۆژێك پیاوی یەکێتی و پارتی و جارێکی دیش کردویانم بە ئەمیر و کادری ئیسلامی سیاسی. لە هەموو ئەوانەشدا من هەر پێکەنیوم و لەدڵی خۆمدا گوتومە خودا عەقڵیان پێببەخشێ. بە راستی چ گرنگە کەسانێك کە لە ژیانیاندا رستەیەکی گرنگیان لەسەر ئەم واقعە تاڵەی ئێمە نەوتووە، چی دەڵێن و چ تۆمەتێکمان دەخەنە پاڵ.. ئەم فس فس پاڵەوانانەی ئاخر زەمان کە لەهەموو روداوێکی ترسناکی کوردستان ملی خۆیان وەك نەعامە کردۆتە ژێر لمەوە و یەك رستە لە دەمیانەوە نەهاتۆتە دەرێ، داخۆ هەنوکە چ گرنگە چ بە من دەڵێن و چ قسەیەکم دەخەنە پاڵ؟ نوسینەکانی من هەر هەمووی ماون و لەبەردەستی خوێنەردان و دڵنیام بە هەزارن قەڵەمی وا پڕ لە نەخوێندەوار و سەدان بازرگانی وشە و وێنەی وەك ئەمانە، قابیلی شێواندن نیە. خۆشبەختانە ئەوانە هێندە دەبەنگن هەر لە نوسینەکانی خۆشیاندا خۆیان بە درۆ دەخەنەوە. هەر لە نوسیندا دەتکەن بە پیاوی دەسەڵات و حکومەت و دەشتکەن بە کادری ئیسلامیەکان.. ئی من کامیانم... یان پیاوی یەکێتی و پارتیم و دژی ئیسلامیەکانم و یان پیاوی ئیسلامیەکانم و دژی یەکێتی و پارتیم؟ چەند گوناهن!!

دیارە من دەزانم دەتوان یەك بە یەکی ئەو نوسینانە بۆ دادگا راکێشم.. نوسینێك پێت بڵێت خۆفرۆش، موزەیەف" و چەندان ناوتاتورەی نائەخلاقیت بخاتە پاڵ بەسە بۆ ئەوەی لە دادگادا نوسەرەکەی توشی لێپرسینەوی یاسایی کەیت. بەڵام من لەو کەسانەم قەدری قەڵەمەکی خۆم دەزانم و دڵنیام لە دادگا باشتر دەتوانێت بەرگریم لێبکات. سڵیشم لە هیچ وتوێژێك نەکردۆتەوە و ناکەم.

هەندێك جار قسە هەڵبەستنی ئەمانە دەگاتە رادەیەك مرۆڤ بە توانای داهێنانیان لە دروستکردن درۆدا سەرسام دەبێت. تۆ هێشتا لە ژیاندا ماویت و نەمردویت.. رستەکانی نوسیوتە ماون و لەبەرچاوی هەموو کەسێکدان، کەچی بێ هیچ سڵکردنەوەیەك درۆی تیا دەکەن و بۆی زیاد دەکەن. لەم درۆ داتاشراوانە کە داهێنانێکی تری دەرهێنەری فاشلی درامای ئاریایە لەدەمی منەوە نوسیویتی: "داخستنی درامای ئاریا لە شان و شەوکەتی بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا نیە، و هەقیان بەسەر زنجیرەکەی ئاریاوە نیە چونکە ئەوانە رۆشنگەر و دیموکراتین".. خودایە شەرم! مرۆڤ بگاتە ئەم رادەیە لە درۆ هەڵبەستن و بوختنانکردن چی دەتوانیت پێبڵێیت؟ کەسێك چەند رۆژێك بەسەر قسەکەتدا نەڕۆیشتوە و رۆژنامەکە هێشتا ماوە، ئەم بەڵایەی بەسەر بهێنی، داخۆ گەر ساڵانێکی بەسەردا بڕوات و خۆمان لە ژیاندا نەمابین چ بڵێت؟

ئەم فس فس پاڵەوانە کە بە راستی ژیان و درامای لێ تێکەڵ بووە و وادەزانێت دەوری پاڵەوانێك دەبینێت کە دژی ئیسلامیەکان بەرپای کردووە، سڵ لەوە ناکاتەوە بۆ تەواوکردنی ئەم سیناریۆیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

درۆزنانەیە قسەش بۆ ئێمە دابتاشێت. وەك چۆن لە دراماكەی ئاریادا قسەكانی دەزگای ئاسایشی خستۆتە سەر دەمی قاعیدەكان، چ قەیدیە تۆزێك قسەش بخەینە دەمی رێبین هەردی.
من دەزانم ئەم فس فس پاڵەوانە بۆ وا دەكات و بەمكارەش دەیەوێت چ ئاغایەكی رازیبكات. من دەزانم بازرگانیكردن بە دژایەتی ئیسلامە سیاسیەوە، گوتارێكە چ ناوەندێكی حوكمڕانی باڵادەست رازیدەكات و ختوكەی چ كەسانێك دەدات. كردنی ئەم كێشەیە بە كێشەی ئیسلامی سیاسی بازرگانیكردنێكی سوكە تا هادی مەهدی و كۆی ئەوانەی بەمشێوەیە قسە دەكەن، خۆیان وەك پاڵەوانێك لە شانۆیەكدا پیشانبدەن كە بوونی نیە و خۆشیان لە بەرپرسیارانێكی گەورە نزیك بكەنەوە كە ئەم دژایەتیە ختوكەیان دەدات. بێهودە نیە نامەكەی هادی مەهدی بەر لە رۆشنبیران و هونەرمەندان و خەڵكی، ئاراستەی دكتر بەرهم ساڵح و مەلا بەختیار كراوە " بۆ دكتور بەرهەم ساڵح و مەلابەختیار: ئەو زنجیرەیە داخرا كە دەستی ئەوانە دەخاتە روو كە هەوڵیاندا دەستدرێژی بكەنە سەر ژیانتان".. ئەمە چیە ئەم هەموو ئازایەتی و شۆڕشگێڕیَە؟ ئاخر ناهەقی نیە مەلابەختیار و دكتور بەرهەم یالح لە ئۆپزسیۆندان و هیچ دەسەڵاتێكیان نیە و حوكمڕانی وڵات مامۆستا عەلی باپیر و مامۆستا سەلاحدین بەهادینن؟
ناونیشانی بەیانەكەش ئەوەندە جورئەت و ئازایەتی تیایە مرۆڤ سەری دەسوڕمێت:
"یەیانی كۆتایی دەستپێكی یەكەمی جەنگی زنجیرەی ئاریا دژی قاعیدە و فەساد و ئیرهاب و توندڕەوی".. ئەمە چیە ئەم هەموو ئازایەتیە؟ ئاخر كێ جورئەت كردووە قسە بە قاعدیە بڵێت و دژی توندڕەوی ئیسلامی قسە بكات، ئێوە نەبن؟ ناهەقیان نیە.. ئاخر رۆژنامەكانی چاودێر و هەواڵ و بڵاوكراوەكان گوڵان بە دەست كادرەكانی قاعیدەوەیە و هەموو رۆژێك مەتح و سەنایان بۆ دەنوسن؟ تەلەفیزیۆنەكان لەلایەن كادرانی قاعیدەوە كونترۆڵكراوون و كەس ناوێرێت ناویشیان بهێنێت! مرۆڤ لەم هەموو ئازایەتیە سەری دەسوڕمێت!
من و خوێنەریش دەزانین ئەم فس فس پاڵەوانە ئەم درۆیانە بۆ دەكات! ئەو كە جورئەتی نیە دەسەڵاتداران و بەرپرسیارانی راستەقینەی راگرتنی درامەكە بتۆرێنێت، ناچارە شەڕەكە واپیشانبدات كە ئەو دەسەڵاتدارن و بەرپرسیارانە پێیان خۆشە. ئاخر ناهەقی نیە: ئەوەی دراماكەی قەدەغەكرد مەكتەبی سیاسی بزوتنەوە و یەكگرتوو بوو، نەك كوردستات و مەكتەبی سیاسی یەكێتی؟ دراماكەش لە تەلەفیزیۆنی یەكگرتووە پیشاندەدرا، نەك لە تەلەفیزیۆنی خاكەوە؟ وڵات بە هەموو دامودەزگاكانیشیەوە بە دەست برایانی یەكگرتوو و كۆمەڵی ئیسلامیەوەیە، نەك بەدەستی یەكێتی و پارتی. ئەی ئەوە دوێنێ نەبوو یەكگرتوو خەریك بوو هێزە عەلمانیەكان لەسەر كۆبونەوەی قاهیرە بكاتە دەرەوەی كوردستان؟ ئەی ئەوە راگەیاندنی ئەوان نەبوو لەبەر بەشداری یەكێتی و پارتی لە كۆبونەوەكە قاهیرەدا كردیانن بە خائین و تا پەشیمانیان نەكردنەوە، وازیان لێنەهێنان؟ كێ دەوێرێ لە وڵاتدا باسی یەكگرتوو و كۆمەڵ بكات!!
وەلی من وەك ئێوە بت نیم و خودا چاوانێكی پێداوم و دەمەوێت پێی ببینم.. گوێی داومەتی بۆ ئەوەی پێی ببیستم. ئەوەی دراماكی داخست كوردستات بوو نەك تەلەفیزیۆنی یەكگرتوو، ئەوەشی بڕیارەكەی دەركرد، ئەندامی مەكتەبی سیاسی ینك بوو نەك مامۆستا عەلی باپیر و یلاح الدین.. ئەوەشی فشاری بۆ داخستنی كرد هەر ئیسلامی سیاسی نەبوو، بەڵكو زانایانی ئاینی بوو. بۆ هەركەسێكیش كە گوێی بیستن و چاوی تەماشكردنی ماوە با برواتە ژمارەی 76ی سێشەمەی 3-7-2007 هەفتەنامەی ئاوێنە تەماشا بكات و ئەو رونكردنەویە بخوێنێتەوە كە لێپرساوی لقی شارەزوری یەكێتی زانایان نوسیوێتی
ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

که تیاییدا به راشکاوی لەسەر راگرتنی دراماکه هاتوه: " هەندێك بەوەی له قەڵەم دەدەن که گوایا دەستی لایەنه ئیسلامیەکانی له پشتەوەیه... که ئەمانه هیچی وانیه و دوره له راستیەوە"
"به بێ داوای هیچ حیزب و لایەنێکی ئیسلامی سکاڵای خۆمان لای یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری ئاینی باسکرد و به سوپاسیشەوە به رێزیشی هاوکاری کردین... دوای دەستنیشانکردنی خاڵه نێگەتیڤەکانی (دراماکه) داوەکەمان گەیانده لایەنی پەیوەندیدار و دواتریش ئەو بڕیارەی لێکەوتەوە که جێگەی خۆشحاڵی ئێمەیە... واته هەر کەس و لایەنێك به دەسکه گوڵی خۆی حیساب بکات وانیه و چەواشەکارییه"
ئەی بازرگانیکەر به شەڕی ئیسلامی سیاسیەوە که منت به خۆفرۆش له قەڵەمداوە، له کوێیه گوێکانی بیستن و چاوەکانی بینینت؟ ئەم رستانەی سەرەوە نوسینی رێبین هەردی نین، بەڵکو نوسینی لێپرساوی شارەزوری زانایانی ئاینیه که دور و نزیك پەیوەندیان به ئیسلامی سیاسیەوە نیه و گەر نزیکایەتیەکیشیان هەبێت، نزیکایەتیه له هێزه بەناو عەلمانیەکانەوە. بێگومان ئەم فس فس پاڵەوانەی ئاخرزەمان هەموو ئەمانه دەبینێت و دەزانێت. بەڵام لەوه بچوکتر و ترسنۆکتره به گژ لایەنی راستەخۆ بەرپرسیار له راگرتنی دراماکەدا بچێت که کوردستات و کۆی مەلاکانی کوردستانه به هەموو رەنگ و دەنگەکانیانەوە. تۆ که جورئەتی ناونانی ئەو لایەنەشت نیه که دراماکەی داخستوێت، به چ رویەکەوە قسه دەکەیت و خۆت لێکردووم به پاڵەوان؟
هەر کەسێك تۆزێك عەقڵ و و یژدانی له کوردستاندا هەبێت ئەوە دەزانێت تاکه هێزێك (ی ن ك و پ د ك) حسابی بۆ نەکەن ئیسلامی سیاسیه. ئەوان تەنانەت ئامادە نەبوون له هەڵبژاردنەکانیشدا لیستیان لەگەڵدا دروستبکەن و بۆنه و نا بۆنەیەك نیه به هەق و ناهەق هێرشیان نەکەنه سەر، ئەوە چی بوو لەپڕ ئیسلامیەکان ئەوەنده خۆشەویست بوون که به قسەیەکی ئەوان درامایەك رابگیرێت؟.
پیشاندانی راگرتنی درامای ئاریا وەك کێشەی ئیسلامی سیاسی، ترسنۆکی و راکردنه له روبەرویونەوی بەرپرسیاری راستەقینەی ئەم بڕیاره و بازرگانیکردنێکی دزێوه به شەڕی ئیسلامی سیاسیەوە که کڕیارێکی زۆری چ له کوردستان و له دەرەوەی کوردستان هەیه. گەر مەسەلەش خۆفرۆشی بێت هەموو دەزانن سەرمایه و پاره لای کێیه و کێن ئەوانەی بازرگانی به هونەر و شەرێکەوە دەکەن که له ژیانیاندا بەشداریەکی جدیان بۆ دژایەتیکردنی کلتوری داخران تیا نەبووە و نیه. ئێستا ئیدی با خوێنەر خۆی بڕیار بدات کێ خۆفرۆش و کێ هەڵویستی راستەقینته و جدی هەیه. من یان هادی مەهدی؟
لێدوانەکەی منیش ئاشکرایه و سوریشم لەسەری درامای ئاریا لەبەرچاوی کاڵی ئیسلامی سیاسی دانەخرا، بەڵکو لەبەر هەڵویستی زانایانی ئاینی و هەموو مەلاکان وەك گروپێکی کۆمەڵایەتی داخرا. ئەوەشی بڕیاری داختنی دا لایەنێکی به حساب عەلمانیه.. نەك مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوە و یەکگرتوو. ئەوەشی لەم راستیه رون و ئاشکرایه رادەکات، دەیەوێت بازرگانی به هونەرەوە بکات و خۆی وەك فس فس پاڵەوانێك پیشانبدات که دۆن کیشۆت ئاسا نازانێت شەڕ لەگەڵ کێ دەکات. من نوسەرم و کارم شیکردنەوە و خوێندنەوەی دیاردەکانه، نەك موزایەدەی سیاسی و بازرگانی کردن به هەڵویست و دەلقەکبازی شانۆی سیاسیەوە. دیاردەیەکی وا وەك خۆی تەماشا دەکەم و هەوڵدەدەم رەهەندەکانی بخوێنمەوە وەك له ستونەکانی ئاوێنەدا دەینوسم. دیاردەیەکی وا جێگەی پاڵەوان بازی و بازرگانیکردن و هەڵویست فرۆشتن نیه، بەڵکو بۆ من جێگەی رامان و سەیرکردنی وردە. ئەوانەشی دەیانەوێت رای من بزانن نوسینەکانی خۆم بخوێننەوە و پاشان قسەبکەن. قسەکردنیش لەسەر ئەم دیاردەیه بەرلەوەی پێوستی به سەنگەرگرتن و هەڵویست فرۆشتن هەبێت، پێویستی به شیکردنەوە و لێکتێگەیشتن هەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-7-2007 0:20

ئەوەی لەژێر پرسیاردایە ئیسلامی سیاسی نیە کە ئەجندا و بیرکردنەوەی وەك لایەنێکی دینی ئاشکرا و دیارە، بەڵکو هەڵوێستی ئەو هێزە سیاسیەیە کە کەس نازانێت عەلمانیە، ئیسلامیە: چەپە، راستە، دیموکراتە یان دیکتاتۆر؟ ئەوە چ دەبەنگیەکە داوا لە ئیسلامی سیاسی بکەیت خۆشحاڵ بێت بەوەی دەست بۆ رەمز و ئامرازە پیرۆزەکانی بەریت و کەچی یەك رستە لەسەر هەڵوێستی بێمانا و راراکەی ئەو هێزە بەناو عەلمانیە نەڵێیت کە بڕیاربەدەستی سەرەکی داخرانی دراماکەیە؟ ئەوە چ دەبەنگی و ترسنۆکیەکە داوا لە ئیسلامی سیاسی بکەیت عەلمانی بێت و جورئەت نەکەیت بەو هێزەی بە حساب خۆی بە عەلمانی دەزانێت بڵێیت کە ئیسلامی نەبێت؟.

هەڵبەت ئەو درۆ شاخدارانەی بە دەمی منەوە کران گوایە من گوتمە ئیسلامیەکان دیموکراتین کاریان بە زنجیرەکەوە نیە، تەنها لە خەیاڵی نەخۆشی هادی مەهدیدا هەیە. ئەوەی من گوتمومە ئەویە رەد کردنەوی ئەم زنجیرەیە لەلایەن هەموو مەلاکانەوە بووە، نەك ئیسلامی سیاسی. ئەوەشی بە کردەوە هەنگاوی بۆ نا زانایانی ئاینی بوون، نەك ئیسلامی سیاسی. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی هەموو دینیەکانی ئێمە بوو لە چەپەوە بۆ راست لە حیزبیەوە بۆ ناحیزبی. ئەوەشی جێبەجێکرد و بە فعلی رایگرت هێزێکی بەناو عەلمانی بوو کە دکتر بەرهەم ساڵح و مەلابەختیار (کە فس فس پاڵەوانەکەی ئێمە پەنای بۆ بردوون) ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو هێزەن. یەکێك گەر نەیەوێت بازرگانی بکات و راستیەکان وەك خۆی بڵێت، ئەم راستیانەی لا روون و ئاشکرایە. ئەو هەینیەی مەلاکان هێرشیان کردە سەر زنجیرەکە زوربەیان ئەو مەلایانە بوون کە پەیوەندیان بە ئیسلامی سیاسیەوە نیە، چونکە هەموو کەسێك لە کوردستاندا دەزانێت زوربەی مینبەرەکانی خوتبەی نهێنی مزگەوتەکان، بەدەست ئەو مەلایانەوەیە کە هێزە بەناو عەلمانیەکان بە دۆستی خۆیانیان دەزانن.

دیارە هەڵوێستی من، بە درۆ و بازرگانیکردنی داهێنەرە فاشلەکەی درامای ئاریا گۆڕانی بەسەردا نایەت کە هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایە. لەو کەسانە نیم نە بۆ پارە نە بۆ پەیوەندی شەخسی هەڵویسَتی فکری و راستەقینەی خۆم بگۆڕم. لەگەڵ هەموو ئەو بێشەرمی و درۆکردنانەی فس فس پاڵەوانەکەی درامای ئاریادا، دەنگم لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە بەرگری لە لێدانی درامەکەدەکەن و دژی هەموو دەستدرێژی و هەڕشەیەکیشم بکرێتە سەر هیچ کەسێك لەوانەی بەشداریان لەم درامایەدا کردووە. دژی راگرتنی درامەکەم و لەم فس فس پاڵەوانە زیاتریش دژی دەستێوەردانی مەلاکانم لەبواری رۆشنبیریدا. لە پێشی ئەو کەسانەوەشم (کەلەگەڵ ئەوەدا زیاد لە سەرنجێکم لەسەر سیناریۆکە هەیە) بەرگری لە هاوڕێم ئەحمەد رەزا و ماموستایان حیکمەت هندی و و عومەر دڵپاك وکۆی ئەو ستافە دەکەم کە کاریان لەدراماکەدا کردووە و خۆم لەگەڵیاندا لەیەك سەنگەردا دەبینم.

لە کۆتاییدا بڵێم منیش لە کۆی ئەم قسانە زۆر شتم بردەوە. ئەو دەرهێنەرەی رۆژێك لە لە رۆژان وامدەزانی شتێکی پێیە و شایەنی ئەوەیە تەماشای کارەکانی بکەیت، جگە لە بارزرگانێکی بچوك کە بازرگانی لە بازاڕی سیاسیدا بە هونەرەوە دەکات هیچی دی نیە. دەرهێنەرێکی بچوك و ترسنۆك کە تەنانەت جورئەتی ئەوەی نیە پەنجە بۆ ئەو لایە راکێشێت کە درامەکەی داخستووە و بڵێت تۆ بوویت!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.